کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-11-2007 0:37

**کاتێک هەیبەتی پایتەخت دەکرێتە ئامانج!! ... مەریوان نەقشبەندی**

من خەڵکی هەڵەبجەم و نزیکەی (10) ساڵە لەهەولێر دادەنیشم و بەوەش ئیلتیزاماتێکی ئەخلاقی و پیشەیم بەرامبەر ئەم شارە خستۆتە ئەستۆی خۆم و لەبەدیارخستنی کەموکوڕی و نارێکی خزمەتگوزاریەکانی ئەم شارە بۆیەك سات چاوپۆشیم نەکردووە زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم هەتا ئەمرۆ یەك بابەتی ستایش ئامێزم لەسەر بەرپرسانی شارەکە نەنوسیوە، بەڵام کاتێك هەست بکەم هەموو ماندوبون و شەونخونی و هەموو ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەی کەلەماوەی ئەم چەند ساڵەی پێشووی کارکردنی نوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەکرێتە قوربانی غەرەزی شەخسی وبیانەوێت بەنووسینێك کەهیچ میسداقیەتی نوسین وکاری ڕۆژنامەگەری تێدانیە و تەنها مەبەست هەولی شکاندنی شەخسیەتی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بێت، ئەوا بە شورەیی دەزانم بۆ ڕۆژ نامەنووسان ئەوانەی لەهەولێر دەژین و ئاگایان لەووردەکاری پڕۆژەو کارەکانی پایتەخت هەیە لە بوختانەکان و هەوڵی ناوزراندنی بەرپرسانی بێدەنگ بن.

بۆیە دوای بەدواداچونێك لەسەر ئەونوسینەی کەلەسایتی کوردستان پۆست سەبارەت بەپارێزگاری هەولێر نوسراوە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەجگە لەهەوڵێك بۆ سارکردنەوەی نەوزاد هادی لە شەونخونی وماندوبونی لەپێناو هەولێرو هەیبەتی پایتەختی هەرێمی کوردستان دەیکێشێت، هیچ ڕاستیەکم تێدا نەدۆزیەوە و بەپێویستم زانی ئەم ڕاستیانە بۆخوێنەرانی کوردستان پۆست و ڕای گشتی ڕوون بکەمەوە:

1/ نەوزاد هادی هەرگیز ڕۆژێك لەرۆژان پێویستی بەوە نەبووە لەجیاتی خزمەتی سەربازی وەرەقەی جاشایەتی بۆ بکرێت چونکە ئەو خزمەتی سەربازی کردووە.

2/ نەوزاد هادی هەموو تەمەنی لاوێتی وخوێندنی لەشاری هەولێر بەسەربردووەو لەدەرەوە نەبووە و هەمیشە لەگەڵ خۆشی وناخۆشی دانیشتوانی شارەکەیدا بووە

3/ کۆمپانیای (شەرقولئەوسەت) یەکێکە لەوکۆمپانیایانەی کەڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەجی بەجی کردنی پڕۆژە ستراتیژیەکانی هەولێرو زۆر ئاسایی یە پەیوەندی لەگەڵ پارێزگای هەولێردا هەبێت و هەرسەفەرێکیش ئەم کۆمپانیایە ڕێکی خستبێت لەچوارچێوەی ئەتەکێت و پڕۆتۆکۆلی بەرنامەی کارکردنی خۆیدا بووە و ئەگەر برایەکی پارێزگار لەوشاندەدا بوبێت کەسەفەری دەرەوەی کردووە، ئەوە بەو مانایەنیە کەپەیوەندی گوماناوی لەنێوان پارێزگارو کۆمپانیای ناوبراو هەیە، بۆ ئاگاداری خوێنەرانیش ئەوشاندەی کەسەفەری لوبنانیان کردووە هەموویان خەڵکی پەیوەندیداربوون بەپڕۆژەکان و هیچ کەسێکی لەدەرەوەی ئەو لایەنە پەیوەندیدارە تێدانەبووە.

4/ سەبارەت بەناوهێنانی ئافرەتیك کەگوایە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ پارێزگاردا هەبێت ئەوە هەرشایانی قسە لەسەرکردن نیە، چونکە هەموو خەڵکی هەولێر بنەماڵەو خانەوادەی بەقەدر و ئەو ئافرەتەش دەناسن کە ناوی هاتوەو هەرگیز بەو شێوازە ناوی لەکەدار نابێت وئەوە نیشانەی ئیفلاسی ئەخلاقی ئەو کەسەیە کەبەو شێوازە نزمە لەسەر خەڵکی دەنوسێت.

لەکۆتایی دا دەمەوێت وەك ڕۆژنامەنووسێك بەڕای گشتی و خوێنەرانی کوردستان پۆست ڕابگەیەنم کەبەرپرسی بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی ئەمەریکا لەعێراق، پارێزگای هەولێری بە سەرکەوتوترین پارێزگاکانی عێراق لەڕوی جی بەجی کردنی پڕۆژەکان دەستنیشان کردووەو هەڵسەنگاندنەکەشی لەوماوەیەدابووە کەنەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بوە.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.